# زیندانی ئەبوغریب، ریسواییەکی سیاسی!

## محسن کریم

رووداوی سوکایەتیکردن بە زیندانیەکانی بەندیخانەی ئەبوغریب لە لایەن سوپای ئەمریکاوە بە رادەیەك نەکاندەر بوو کە جۆرج بۆشناچاربوو بۆ سرینی عارەقی شەرمەزاری لەبەرامبەر رای گشتی دنیاو ئەمریکادا داوای لیبوردن بکات، تۆنی بلیری هاوپەیمانی بۆشیش تووشی خورپە بیت! رامسفیلدی وەزیری جەنگی ئەمریکاش کە بەلای رای گشتی ئەوروپاو ئەمریکاوە وەکو بەرپرسی ئەو رووداوە تەماشا دەکریتو داوای دەست لەکارکیشانەوەی دەکەن، بە پەلە خۆی بگەیەنیتە عیراقو سەردانی زیندانی ئەبوغریب بکات، بەو مەبەستەی کەجدیەتی خۆیو کاربەدەستانی کۆشکی سپی بۆ لیپرسینەوە لەم کردەوە ریسواییهینەرەی"چەند سەربازیکی سوپاکەی" بە رای گشتی دنیاو ئەمریکا نیشان بداتو سوپاوهەیئەتی دەسەلاتبەدەستی ئەمریکا لەم کارە بیبەری بکاتو روخساریان سپی بکاتەوە..

ئەوەی جیی سەرنجە لەم نیوەدا، راگەیاندنی هەندیك لەو سەربازانەیە کە لەم تاوانەوە گلاون. ئەوان ئەوەیان راگەیاندوە کە ئەم کارەی ئەوان بە فەرمانو لەژیرچاودیری بەرپرسانی(CIA)دا لە ناو زیندانەکەدا ئەنجام دراوە کە خەریکی لیکۆلینەوەن لەگەل زیندانیەکاندا.

هەلبەت روخاندنی باری مەعنەوی زیندانی لەپال شکەنجەی جسمیدا، وەسیلەیەکی کارای دەزگا جاسوسیو سەرکوتگەرەکانە بۆ تیکشاندنی توانای وەستانەوەو بەرگری زیندانی و ناچارکردنیان بە ئیعتراف کردن. دەزگای موخابەراتیئەمریکی(CIA) لەمبارەیەوە قوتابخانەی داهینانی شیوازی کارسازو پیشکەوتووی ئەشکەنجەو پەروەردەکردنی شکەنجەدەرو کارمەندانی دەزگاکانی لیکۆلینەوەو ئەشکەنجەیە. دەزگاسەرکوتگەرەکانی دەولەتە ئیستبدادیەکانی دنیا، لە بابەتی رژیمی بەعس، رژیمی تورکیا، میسر، پاکستان، عەرەبستانی سعودیو ئیسرائیل وتاد. قوتابی ئەمانو پیرەوی لە شیوازو تەجروبەی ئەم دەزگایەو(2-3) دەزگای دیکەی موخابەراتی لە ئاستی دنیادا دەکەن.. چەندین سالە خەلکی عیراق لەلایەن دەزگا موخابەراتیو ئەمنیەکانی رژیمی درندەو سەرکوتگەری بەعسەوە، لەژیرناوی ( دژایەتیکردنی خراپەکارانو دوژمنانی شۆرشو نۆکەرانی بیگانەو پاریزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆرش و شتی لەم بابەتانە) سەرکوت و قەتلوعام کراون، ئیستاش هیزەکانی ئەمریکا لەژیرناوی ( دژایەتیتیرۆرو پاشماوەکانی بەعس)دا سەرکوتی خەلك دەکەنو دریژە بە هەمان شیوازی سەرکوتگەری بەعس دەدەنو ئیبداعی تیدا دەکەن! هەر هیزو لایەنیكو هەر دەولەتیکی سەرکوتگەری بۆرژوایی دەتوانی بیانووی جۆراوجۆر بۆ سەرکوتی موخالیفە سیاسیەکانی خۆی دابتاشیت. بۆ ئەوەی لە لایەکەوە ئەوانە وەکو تاوانبارانیك بە خەلك قبول بکات کە شایانی هەموو مامەلەیەکی ناشایستەو خراپنو لەلایەکیدیکەشەوە موخالیفەکانی کۆنو تازەی خۆشی پی بترسینیت! کە بەداخەوە هەندیك جار ئەم سیاسەتە درندەو نائینسانیەی بۆرژوازی توانای چەواشەکردنی بەشیك لە جەماوەری هەیە. ئینسانی تاوانبار یان تەنانەت تاوانبارکراو بە شایستەی هەموو سزاو مامەلەیەکی توندوتیژئامیز دەزانن، بە پیچەوانەی خەسلەتیئینسانی مرۆڤەوە کە دژی ئەمجۆرە توندوتیژیو ستەمنواندنەیە بەرامبەر بەو ئینسانانەی کە بە تاوانیك لە دژی کۆمەلگا هەلدەستن، چ جای ئەوانەی کە لەلایەن رژیمو دەولەتو هیزە سەرکوتگەرو چەوسینەرەکانەوە تۆمەتبارکراون، یان بەهۆی موخالەفەتی سیاسیەوە تاوانبارکراون!

بەپیی راگەیاندنەکانی ئەمریکاوبەریتانیا، هیزەکانی ئەوان بۆ ئەوە هاتنەعیراقەوە تا خەلکی ئەمریکاو دنیاو عیراقیش لە دەسەلاتو خەتەری رژیمیکی درندەو دیکتاتۆر رزگار بکەن کە خاوەنی چەکی کۆمەلکوژەو هاولاتیەکانیخۆی بە وەحشیانەترین شیوە سەرکوت دەکات. ئەمریکا وایبلاوکردەوە کە رووخانی رژیمی بەعس سەرەتای دامەزراندنی دیموکراسیو پاراستنی مافی مرۆڤە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. بەشیکی خەلك کەبەم پروپاگەندەیە بروایان کردبوو، پییان وابوو ئەشکەنجەخانەو زیندانەکان ویران دەکرینو لە جیگەکانیاندا" پەیمانگای فیرکردنو گەشەکردنی دیموکراسی!" دادەمەزرینو خەلك لە جیاتی ژووری تاریکی زیندانو ئەشکەنجە، گولی ئازادیو خۆشگوزەرانیو ئارامیو ژیانیکیباشتر دەچیننەوە! بەلام بە پیچەوانەوە کامیرای تەلەفزیۆنەکان دووبارە یادگارە تالەکانی سەردەمی ئیستبدادی بەعسیان لە دژی خەلك، ئەمجارەیان لەلایەن سوپای" رزگاریبەخشی ئەمریکا!"وە، خستەوە سەر شاشەکانیان...سوکایەتیکردن بە خەلکیعیراق، سەرچاوە گرتوو لەسیاسەتی عەزەمەتخوازیو خۆبەزلزانی کاربەدەستانی کۆشکیسپی، شیوازی مامەلەی سەربازو هیزەکانیئەمریکاو کارمەندانی دەزگای موخابەراتیئەمریکیە، کە رۆژانە لەسەر شەقامەکاندا دژی خەلکی مەدەنیو بیدیفاع بە بیانووی راوانو قەلاچۆکردنیتیرۆریستانەوە بەریوە دەبریت، بەلام زیندانی ئەبوغریب ئەمجارە بووە شانۆی سیناریۆیەکی شەرمهینەر!

یەکیك لە سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان ئەوەیە کە کاتیك بە تاوانیك تۆمەتبار کرا لەلایەن دەزگا دەسەلاتدارەکانەوە، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی لەلایەن دادگاوە بەسەردا ساغ نەبۆتەوە،بە بیتاوان دەژمیردریت. دەبیت دادگا لەماوەی 48 کاتژمیردا بریاری خۆی بداتو نابیت زیندانی لەو ماوەیە زیاتر لە زیندان رابگیریت ئەگەر هیچ تاوانیکی بەسەردا ساغ نەبووەوە. مافی هەر بەندکراویکیشە کە توندو تیژی بەرامبەر بەکارنەهینریت بۆ وەرگرتنی ئیعترافات، کەرامەتی شەخسی بپاریزریتو سوکایەتی پینەکریت. مافی بەرگری لەخۆکردنو پەیوەندیگرتنی بەدنیای دەرەوەی زیندان دابین بکریتو...تاد. بەندکراو بە دەلیلی ئەوەی کە تاوانبارە نابیت مافە سەرەتاییەکانی وەکو ئینسانیك لیزەوت بکریت، تەنها ئەوە نەبیت کە بۆ پاراستنی کۆمەلگا لەتاوانەکەیو مەترسی دووبارەبوونەوەی، لە کۆمەلگا دوور دەخریتەوەو زیندان دەکریت، بە پیی بریاری دادگایەکی سەربەخۆ کە پیوەری بۆ بریاردان لەسەر سزای تاوانباران رەچاوکردنی مافەکانی سەرەتاییەکانی ئینسانو پاراستنی ئەم مافانایە. خودی تاوانبار بوونو جۆری تاوانەکە بیانوو ناداتە دەست هیچ کەسو ئۆرگانو دەزگایەك بۆ ئەوەی دەستدریژی بکەنە سەر مافو کەرامەتی شەخسی

زیندانی، چ جای ئەوەی کەسانیك کە هیچ تاوانیکیان بەسەردا ئیسپات نەبوەو تەنها بەتۆمەتی دەزگاکانی دەسەڵاتو دەولەت زیندانی بکرینو سوکایەتیyان پێبکریت!

رووداوی زیندانی ئەبوغریب ریسوایییەکیسیاسییە بۆ ئەمریکا کە خۆی بەسەرکردەی "جیهانی ئازاد"ناودەباتو پووچیو ریاکاری دیموکراسی رۆژئاوا نیشان دەدات. ئەمریکاو بەریتانیا لە کاتیکدا رۆژانە چەندین کەس لە خەلکی بێدیفاعی عیراق بە بیانووی بنەبرکردنی پاشماوەکانی بەعسو تیرۆریستانەوە خەلتانیخوین دەکەن، هەزاران کەس لە ژووری تاریکی زیندانەکان دەئاخنن، کەچی سەدامی تاوانبارو سەرکردەکانی رژیمەکەی کە هەر ئیستا لەلایەن هیزەکانی ئەمریکاوە دەستبەسەرن، نادەنە دەست دادگایەکی ئازادو سەربەخۆی نیودەولەتی بۆ دادگاییکردنیان، لەمەش خراپتر بەشیك لە سەرکردەکانی سوپاو ئەمنو موخابەراتی رژیمی بەعسیان بە نهینیو ئاشکرا هیناوەتەوەو کردونیانەتەوە بە ملۆزم بەسەر خەلکەوە.